ئەم کتێبە

08.11.2026

ڕیاز کاکە

دوو بەرگ و قەبارەی ٨٢٥ لاپەڕە، نووسینی ئەیووب بابۆ بارزانییە. لەسەرەخۆ و بە کوڵی دڵ خوێندمەوە. پێموابێ چوار ڕۆژێکە، نووری ژیان و چاپی وێکەوتووە. نامەوێ لێرەدا چەکوش و مێزی مەحکەمە ڕۆبنێم و دەستبکەم بە دادگایی خەڵك و ئەوانەی، ئێمە و کوردستانیان بەم ڕۆژە گەیاند، وەلێ دەمەوێ بڵێم: لەوەتەی من مێژوو و لێکۆڵینەوەی مێژوومییم لەبارەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشوور و بیرەوەریی شەخسیاتە ئاگادارەکانم بەو مێژووە خوێندووەتەوە، هەر هەموویان ناگەنە قولەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە.



کتێبەکە، پڕە لە بیرەوەری و دانپیانانی پیاوانێکی ئاگاداری وەك: ئیدریس بارزانی، عیسمەت شەریف وانلی، ئیحسان نووری پاشا، جەمیل محۆ، مەحموود عوسمان و ئێریك ڕۆڵۆ لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی، بۆ بونیادنانی مێژوویەکی گشتگیر و بێلایەن لەبارەی شەست ساڵی ڕابوردووی ئێمە و گەمەی زلهێزەکان و خۆخۆڕیی ناوخۆیی و گیانی خێڵگەرایی و دەیان دەردی کوشندەی دیکە، کە تا ئەم ساتەیش هەر پاتەوپات دەبنەوە.

نوسەر، وەك وێنەگرێکی بواری دراما، لە یەککاتدا سەری خوێنەر دەکا بە کۆشکی شای ئێراندا، دەیباتەوە بۆ مەیدانی پڕ لە تاکتیکی هێنری کیسنجەر، لەوێوە بەرەو کۆشکە پڕ لە ترسەکەی سەدام، ئینجا بۆ ناوپردانی بنکەی خێڵ و مەلا موستەفا، تا بەکرەجۆی خیانەت و گەنەی خۆخۆڕیی ١٩٦٦ و دروستبوونی جاشایەتی و شەڕی جەلالی و مەلایی، تا هەموو سەرەداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە و وێنە تەواوەکەی ماڵکاولی و دواکەوتووییمان نیشان بدات!!

لەسەر کەسایەتی و نەێنی و پیلانگێڕیی سەرانی شۆڕشی کورد، هێنده شتی قێزەون و ترسناك و نەێنیی تێدان، تا ئەو ڕادەیەی شێرکۆی هەژار موکریانی، پێیوایه خودی نووسەر، هەر پیاو و جاسووس و دڵسۆزی بنەماڵەکەی خۆیەتی، نەك قاچاخ و ڕاکردوویەك لێیان!

لەو ڕوانگەیەوە، ئەم هەموو نەێنی و وردەکارییه، هی ئەوە نین کەسێکی یاخیی ناو ئەو بنەماڵەیە، دەرکیان پێبکات! تەنها ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە که خۆیان دزەیان بەو زانیارییانە کردووە!